# نارازی یانی ئه نجامه‌کانی "هه‌لبژاردن" وخه‌یالاتی "شۆڕشی نارنجی"

**خه‌سره‌وسایه**
k.saya@ukonline.co.uk



راگەیاندنی یەکەمین ئەنجامی "هەلبژاردن" ریزی دۆستان و هاوپیمانانی دیموکراسی ئەمریکایی لەتکرد. ئیستا شانوی سیاسی کۆمەلگای عیراق بۆتە مەیدانی دەربرینیکی پیچەوانە. ئەوانەی دوینی سویندیان بەدیموکراسی وصندوقەکانی دەنگدان و هەلبژاردن و ئاکامەکانی دەخوارد و ئامادەبوون بەخاتری "بەرژەوەندی نیشتمانی عیراق" هەموو ئەنجامیك قبولبکەن، ئیستا بەرەی "مرام" ورەتکردنەوەی تەواوی"پرۆسەی دیموکراتی هەلبژاردن"یان پیکهیناوە. ئاخر ئەم گەمەیەو ئەم شانۆگەری‌یە پوچەی کەئەمریکا،خەریکە بەناوی دیموکراسی‌یەوە چەند چەتەو لۆمپەنیکی سیاسی و تیرۆریستانیك وبازرگانانیکی پی رابهینی، هەرئەمەی لی سەوزدەبی. بەلام حالەتیکی ئاوا تەنها ئەو راستی‌یە دەسەلمینی کە لەنیو ئەم دیموکراسی‌یەدا هەرئەوەندە بەسە کە ریژەی دەنگەکان دلخواز نەبی ونەکری نوینەرانی ئەم یان ئەو قەوم وتایەفەو شوعبەی ئیسلام بگەیەنیتە پەرلمان وحکومەتیان لیپیك نەیەت، ئیتر بەسە بۆئەوەی شەرو دەعوا کۆلان و شەقام و شاشەی تەلفزیۆن و دەزگاکانی راگەیاندنەکان بگریتەوە و تەنانەت بانگەشەی "عصیانی مەدەنی"لەپشتی تیرۆرەوە بەری بکەویت!!

خاوەنانی ئەم بریارەو ئەم رەوەندە، "جەبهەی تەوافق"، " جەبەهەی موسالەحە" ، "ئەهلی سەوونە"، تا تاقمەکەی موتلەگ وعەللاوی وپاشماوەکانی بەعس، کەبەگشتی 35 تا40 ناوی لایەن وتاقمیان لەخۆناوە، پیکدینیت. ئەمانە گۆایە لایەنگری "هەلبژاردنیکی پاك"ن ودژی تەزویراتیکن کە کراوە!! جابۆ راستکردنەوەی ئەم حالەتانە وسەپاندنی خواستی دووبارەکردنەوەی هەلبژاردن و لەکارخستنی لیژنەی بالای چاودیری هەلبژاردن کە لایەنگری بۆ یەیکیك لەلایەنەکانی بەشدارە، ریگای خۆیان هەیە، ئەویش ریگای"خۆپیشاندانی ئاشتی"یە. ئەوخەیالەی کەلەم کیشەو دەعوایەی پاکی و دیموکراتی بوون و نەبوونەی هەلبژاردندا، لەلایەن نوینەرانی بەرەی نارازیبوو بەئەنجامەکانی هەلبژاردنەوە دەدری بەگوی خەلکیدا، ئەو خەیالەیە کە گوایە دەتوانن بەهینانە سەرجادەی خەلك و خۆپیشاندانی ئاشتی "شورشی نارنجی" لەچەشنی ئۆکرانیا لەعیراقدا دووپاتبکەنەوە و خواستی دووپاتکردنەوەی هەلبژاردن وهەلوەشاندنەوەی لیژنەی بالای هەلبژاردن، بسەپینن. ئایا بارودۆخەکانی ئیستای عیراق ریگای ئەوە بەم دەستەو تاقمانە ئەدات کۆپی سیناریۆیەك بکەنەوە کەلەئۆکرانیاو سەردەمی هەلبژاردنەکاندا روویاندا؟ لەمەش زیاتر ئەمریکا و وەزعیەتیك کە رووی لەعیراقە ریگا دەدات بەدووبارەکردنەوەی جاریکی‌تری هەلبژاردن تا ئەم جەنابانە دەمی نارازی بووونیان ببەستن؟ ..بەلام ئەمانە کین کەنارازین بەئەنجامەکانی هەلبژاردن؟ ئایا نارازی بوونی ئەوان بەمانای نارازی بوونی بەشیکە لەخەلکی عیراق؟

بیگومان "هەلبژاردن" لاپەرەیەکی تری لەبەردەم کیشمەکیش وناکۆکی‌یەکانی نیوان دووبەری تیرۆریستی لەعیراقدا هەلداوەتەوە. ئەوانەی ئەمرۆ بەئەنجامی هەلبژاردنەکان نارازین خۆیان بەرهەمی پرۆسە وسیناریۆیەکی رەشن کە جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا خولقاندویەتی. تەنانەت ئەمانە ناپاکی و تەزویرچیتیان کەمتر نی‌یە لەوانەی کە بەتەزویرچی ناوزەدکراون. ئەمانە کەلەپاشماوەکانی رژیمی بەعس و دەستەو تاقمی ئیسلامی وناسیونالیزمی عەرەبی و سەرەك عەشیرەتەکان پیکهاتوون و وجودی ئەمریکایان لەعیراقدا کردۆتە بەهانەیەك بۆجەنگیکی تیرۆریستی، هیچ پەیوەندیکیان بە ئومیدو ئارەزوو نارەزایەتی‌یەکانی خەلکەوەنی‌یە. ئەمانە خۆیان هۆکاری قولبوونەوەی هەلومەرجی نائارامی و کوشتار و پەرەگرتنی شەری تایەفەگەری وقەومین لەعیراقدا و ئیستاش بۆمەرامی گرتنی کورسی‌یەکانی پەرلمان و حکومەت خەریکن لەژیر پەردەی دیموکراسی وهەلبژاردندا ئاگری شەری ناوخۆ هەلدەکەن. بەرنامەو کارنامەیەك کەئەمانە لەسەری راوەستاون و ئیدعای بۆدەکەن، جیاوازی‌یەکی نی‌یەلەگەل ئەوانەدا کە ئەنجامەکانی هەلبژاردنیان پیقەبوولە.

لەمانەش زیاتر بانگەوازی ئەمانە بۆ "عصیانی مەدەنی" دۆریەکە زیاتر لەگەل خەلك، تا ترساندنی ئەمریکا. کۆمەلگای جەنگ گرتووی ئیستای عیراق و ئاشوبیك کەکەوتۆتەوە بەچەند بەلگە ریگا نادات خەیالاتی"شورشی نارنجی" لەچەشنی ئۆکرانیا، بۆ ئەم دەستەو تاقمانە لەعیراقدا بهینیتەدی. بەتایبەتی ئەوەی لەئۆکرانیا دووبارەکردنەوەی هەلبژاردن وئەنجامەکانی، بەناوی "شۆرشی نارنجی"یەوە بەریخست نەخشی لایەنگری ئەمریکا و دەولەتانی رۆژ ئاوابوو لە ئۆپۆزسیۆنیك کەلەبەرامبەر دەولەتی رووسیادا راوەستابوون. لەکاتیکدا لەعیراق ئەمریکا پیچەوانەی هەلویستی نارازیبووانی ئەنجامەکانی هەلبژاردنەو خۆی خاوەنی پرۆسە وسیناریۆی هەلبژاردنەکانە. لەلایەکی‌ترەوە ئۆکرانیا دەولەت وکۆمەلگایەکی نۆرمال و قانونی‌یە و"صندوقەکانی دەنگدان" ریگادەدات بەوەی لایەنەکان بەم هۆیەوە کیشەکانیان لەسەر

دەسەلات یەکلا بکەنەوە. لەکاتیکدا عیراق کۆمەلگایەکی جەنگ گرتوو داروخاو ونائارام و بیدەولەت ریگای لەبەردەم هیچ لایەنیکدا نەهیشتۆتەوە تا بتوانی کیشمەکیش وجیاوازییەکانی خۆی بەریگای پەرلمانی و دەنگدان چارەسەربکات. تابلۆوی هیزەکانی ئیستای عیراق کە جەنگ وداگیرکاری ئەمریکا و دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی وشەروتیرۆریان تیا چالاکە، هەرگیز ریگا نادات بەوەی جیگۆرکیی هیزەکان لەدەسەلاتدا شیوازی مەدەنی و خۆپیشاندانی ئاشتی و ئەنجامی دەنگدانی صندوقەکان بیبرینیتەوە. ئەمە جگەلەوەی خودی ماهیەتی ئەم هیزانە بەو جۆرە نییە کەپەیوەست بن بەئەنجامی هەلبژاردنیکەوە کەخویان تییدا بەشدارن. لەراستیدا نەئەمریکاو نە بارودۆخەکانی ئیستای عیراق ریگا بەدووبارەبوونەوەی هەلبژاردنیکیتر نادەن. ئەوەی لەبن باخەلی نارازی بووان بەئەنجامەکانی هەلبژاردندا خەوتووە، هەمان شەرو دەعوای بالەکانی تیرۆریزمە لەعیراقدا.

خەلکی عیراق نابی بەهیچ جۆریك ببنە زەخیرەی ئەم هیزانە. "هەلبژاردن" بەلایەنگرانی ئەنجامەکانییەوە و بەخودی ئەوانەشەوە کە نارزین پیی.. ئەلقەیەك لەو سیناریۆیە نمایش دەکات کە بەدوای رووخانی رژیمی بەعس لەلایەن ئەمریکاو دەستەو تاقمی ئیسلامییەوە بەری کەوتووە. سیناریۆیەك کەجگەلە کوشتارو مالویرانی وبیدەرەتانی شتیکی زیاتری بەرهەم نەهیناوە. خەلك دەبی لەبازنەی گەمە و شەرو کیشمەکیشی ئەم هیزانە بینە دەر ولەدەوری حیزبی کۆمۆنیستی کریکای عیراق وئامانجەکانی بۆگیرانەوەی مەدەنیەت و بنیاتنانی داهاتوویەکی ئازاد و ئارام و خۆشگوزەران کۆببنەوە.

2005/12/26